# سەریاسەکان: بەشێك لەقوربانییە بێشومارەکانی جەنگ

سامان سوبحەدەم/کەلار
perwanewar@yahoo.com

"دەسەڵات لەیەك ڕێگەوە دەتوانێت حوکم بکات، بەوەی نەهێڵێت وەکو مرۆڤ هاوسۆزی یەکتر بین"   بەختیار عەلی

جەنگو کاولکاری لەهەر وڵاتێکدابێت دەبێتەهۆی دواکەوتنو داتەپینی ئەو وڵاتە لەهەموو رویەکەوە ئابوری، رۆشنبیری، تەکنەلۆجیاو هەموو لایەنەکانیتری ژیانی مرۆڤایەتی، سوتمانی جەنگیش هەمیشە ژنو منداڵو پیرو پەککەوتەبوون، عێراق هەر لەساڵەکانی هەشتاکانەوە جەنگی تێدابووە تاوەکو ساڵی 1990و دوای راپەرینیش کوردستان وەکو بەشێك لەعێراق شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا،و دواتریش ساڵی 2003 تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، لەعێراق رۆژانە سەدان منداڵ بێباوك دەبێت، سەدان ژن بێوەژن دەبن.

ئەدەبیش هەڵقوڵاوی بارودۆخی کۆمەڵگایە، هێمانومایە روداوو پێشهاتەکانی کۆمەڵگایە، بەڕای من سەرکەوتووترین بەرهەمی ئەدەبی ئەو بەرهەمەیە واقعبینانە شتەکان بهاوێتە سەر کاغەزو بیانکاتە مێژوو، بەختیار عەلی-ش وەکو رۆماننوسێك بێبەش نییە لەواقیعی ژیانی کورد بەتایبەتیو عێراق بەگشتی وەکو خۆی دەڵێت: "کوڕی چ جیهانو چ کۆمەڵگایەك بیت ئەوە  لەئەدەبەکەتدا رەنگ دەداتەوە"، لەڕۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا" کەیەکێکیترە لەشاکارە ئەدەبییەکانی بەختیار عەلی ئەوەی خوێندبێتییەوە سێ کەسی بەرچاو دەکەوێت کەیەك ناویان هەیە (سەریاسی سوبحەدەم) هەرسێکیان پێشینەو رابردوویەکی لێك نزیکیان هەیە هەرسێ بێدایكو باوك، بێماڵ، لێرەدا دەمەوێت باسی لایەنێکی رۆمانەکە بکەم کەبەشی هەرەزۆری رۆمانەکەی تەنیووە، ئەویش بوونە قوربانی منداڵە لەجەنگو کاولکارییەکاندا، ئاوارەبوونی منداڵ لەبازاڕو کۆڵانەکاندا کە فاکتەرە سەرەکییەکەی هەر جەنگە، ئەگەر بێین دانە بەدانە باسی هەر سێ سەریاسەکە بکەین دەبینین هەموویان توشی حاڵو بارودۆخێکی ناخۆشی دوای شەڕ هاتوون:

سەریاسی یەکەم: دوای چەندین کاری لەتوانای خۆی بەدەرو تاقەت پڕوکێن لەنێو بازاڕی عەرەبانە چییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، هەوڵدەدات یارمەی منداڵانیتر بداتو لەکۆتاییشدا هەر لەبەر منداڵان دەکوژرێت.

سەریاسی دووەم: هەر لەمنداڵییەوە لەبێکەسیدا دەکەوێتە نێو جاشایەتییەوەو لەگەڵیاندا دەسوڕێتەوە، دوای راپەرینیش توشی شەڕێکیتر دەبێت کەشەڕی نێوخۆیە، هەموو ژیانی بریتییە لەجەنگ جگە لەو ماوە کەمەی کەسەریاسی یەکەمو محەمەدی دڵشوشە دەناسێتو دواتریش هەر لەبەر بەشداریکردن لەشەڕدا دەکەوێتە زیندانەوە.

دوایەمین سەریاس: لێرەدا نوسەر دەیەوێت لەڕێگەی سەریاسی سێیەمەوە واقعێکمان پێ ئاشنا بکات ئەویش ئەو کەسانەن کە لەجەنگو موبارەزەی سەربازی لەنێوان دوو هێزدا جەستەیان کەمئەندامو سەقەت ئەبێت، دوایەمین سەریاس بەهۆی ئەوەی کەبۆمبێکی پێدا دەتەقێت هەموو جەستەی دەسوتێتو توانای قسەکردنیشی لەدەست دەدات، بەختیار پێماندەڵێت جگە لەکەسە نۆرماڵەکانی کۆمەڵگا چینێکیتری پەنهانو شاراوەمان هەیە لەپەراوێزو حاشیەی کۆمەڵدا کەلەڕێگەی مرۆڤی هاوجنسی خۆیەوە توشی ئەو نەهامەتیو نەگبەتییانە هاتوونو پێمان دەڵێت ئەگەر ئەوانە بێنە ناوشارو بازاڕەوە "پڕدەبێت لەو روخسارانەی دڕندەییو گوناهی مرۆڤ دەرهەق بەیەك ئاشکرا دەکەن".

نوسەر لێرەدا دوایەمین سەریاس دەکاتە نمونەی هەموو ئەو منداڵانەی لەجەنگو داگیرکارییەکاندا تیادەچنو کەمئەندام دەبنو نزیکبوونەوە لەسەریاس لەیادکردنی منداڵەکانیتر نییە وەکو موزەفەر دەڵێت: "وامەزانن ئیتر ئەو منداڵانەم لەیادکردووە کە سەرەڕۆو بێکەس لەناو بازاڕو کێڵگەکانو شوێنەکانی شەڕدا گیریانکردبوو"، دواهەمین هەناری دونیا داوامان لێدەکات لەگەڵ یەکتردا هاوسۆزبین وەفامان بۆیەکتر هەبێت "وەفاداری ئینسان بۆئینسان لەهەموو شتەکان گەورەترە".

perwanewar@yahoo.com